Falkenbergs kommun

ئەگەر گلەیی یان سەرنجت هەبێ لە سەر کارەکەمان

ئەگەر کارەکەمان لەئاستی چاوەروانییە کانتاندا نەبێت ئەگەر تۆ یان مندالەکەت لە شتێک نارازین پەیوەندیمان پێوەبکەن.ئەوە گرینگە بۆ بەردەوام کردن وباش کردنی کارەکانمان.

١.پەیوەندی بە کارەکەمان بکە

پێویستە بە پلەی یەکەم پەیوەندی بەوستافی قوتابخانە یان قۆناغی پێش قوتابخانەوە بکەیت کە راستەوخۆ لەگەل ئەو ناوچەیەدا کاردەکەن ئەگەر بۆچونت یان تێبینیت هەبێت

٢.پەیوەندی بە بەرێوەبەری قوتابخانەوە بکەن

ئەگەر پێت وایە ناتواندرێت یارمەتیت بدرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە لەپلەی یەکەمدا پرسیارت لێکردون ئەگەر کێشەکەبە جدی دەزانیت دەتوانیت سکاڵاکەت یاخود پێشنیارەکەت پێشکەش بە بەرێوەبەری بەرپرسیار بکەیت

٣.پەیوەندی بە فەرمانگەی ناوەندی ئیدارەوە بکەن

ئەگەر لە وەڵامی یان کارەکانی بەرێوەبەری قوتابخانە رازی نەبوویت روو لە ئۆفیسی ئیدارەی پەروەردەی منداڵان بکە ئەگەر سکاڵاکەت یان پێشنیارەکەت پەیوەندی بە پرسە گشتیەکانەوە هەیە دەتوانیت لە وێش پەیوەندیان پێوە بکەیت

٤.پەیوەندی بە بەرپرسی ئیدارەوە بکەن

ئەگەر لە یارمەتییە کە نارازی بوویت کە لە بەرێوەبەرانی کارکردن یان ستافی دیکەی ئۆفیسی ناوەندی ئیدارە وەرگرتووە دەتوانن پەیوەندی بە بەرپرسی ئیدارەوە بکەن
لەگەڵ سکاڵاکەت یان پێشنیارەکەت

ئەگەر لە مامەڵەکردنەکە رازی نەبوویت ـ پەیوەندی بە دەسەڵاتدارانی ترەوە بکەن

ئەگەر لە کردارەکانی ئیدارەی پەروەردەی منداڵان رازی نەبوویت یان ئەگەر پێت وایە کە کەموکورتی جدی هەیە دەتوانیت پاشان روو لە دەستەڵاتدارانی تر بکەیت بەپشت بەستن بە گلەییەکانت یان پێشنیارەکانت کە لەسەر چییە
زانیاری زیاتر لە ماڵپەرەکەمان دەست دەکەوێت سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەگەر بتەوێت

[gemigmer.info/synpunkterforskolaochskola](gemigmer.info/synpunkterforskolaochskola)